

# کێ زاکیرەی ئاوێنە دەخوێنێتەوە

ڕۆژە حەسەن

**تۆی وەك خۆت گەرەکە**
**یان دەست دەخاتە گۆڕانتەوە**

**وەرە لە گەڵما هاوڕێ**
**ئەم دەنگە بەرینەوە بەر باران**
**کە نامەی کچێکە لە بێدەنگی**
**ڕستەیەکە لەئاو**
**کە مناڵی وەك نەورەسێك بە خشیوە بە فڕین و**
**عەشقیش بە دەریا**
**پێدەچێت ئێستاش معشوقێك لە دووکەڵ قەسیدەم بێت**
**معشوقێك وونە لە نێو عەیارییەکانی هەڵوژەو**
**ناسکی گێلاس**
**سەرسام بە عەشقی من و وونە تا منالی با و**
**نیگەران لە ڕابردوو**
**وەلێ، بیرەوەری**
**پشکۆی جەستەی ئەمدیو و دیوو دەکات**
**ئەو کەتەمەنی لە شاتوویەکی پەژمووردە ئەچێ**
**ڕۆژێك تووشی زمانی سەوزی کردم**
**پڕی کردم لە حیکایەتی نازناز**
**ئاشنای کردم بە بەخشندەیی چیمەن**

ئەیووت:
ژیان لە دڵی پەپوولەیەکدا
هێرۆیەکی بەرزە
لە خەیاڵی فەرەیدونیشدا
ڕژانە بەسەر ئێوارەیەکی پەروانەدا.
ئیدی وەك ڕۆمانێك دوایین لاپەڕەی با بردیێتی
وون ئەبوو.
پێدەچێ برووسکەی ئەم داستانە
پاڵەوانێك بێت نیوەی لە هەڵم و
نیوەکەی تری لەدەریا
بۆیە عاشقێکی هەڵمی
کاتێك بەژێر بارانا ئەڕوات
بە هەڵمی هەناسەی مەعشوقێکی سپی
لەژێر چەترە ڕەشەکەیدا
ئافەریدە دەکات
هەر ئەڕوات و باسی سپێدە و بە فر و نەورەس و
هەمووسپێتییەکان دەکات
بەپەلە هەناسەیەکی دی دەدات
بەڵکو ئەم معشوقە سپییە بیگەیەنێتە
کۆتایی قەسیدەیەکی شین
دەوەرە لەگەڵما هاوڕێ
بە لێکدانەوەی کام خەونی "یوسف"دا بگەمە خۆم
ڕەنگە من لە بێدەنگیدا
بچمەوە سەر ڕەگەزی بەفر
ساتی هاتن کپ کپ
جار جارە
وەك مناڵیی پرژەی عەشقم سپی سپی
خلیسکێنە لەسەر بێ ئاگایت ئەکەن
ئیدی گرنگ نییە
کاتژمێر چەندی ژیان
باڵای تەزیوو ئەبینی
کە سەردەمێکە کچێك سارد سارد
بە قەڵەمی چەند قەسیدەیەکی گەرمەوە ئەفرێنی

کاتێکیش  پەنجەرەکە دەکەیتەوە
هەڵمی چاوە بلوورییەکانت ئەسڕی
ئەڵێی:
خودایە ئەم سپێتییە
هێمایە بۆ بەخشندەیی تۆ؟
یان پیرییە و سەردەمێکە وەستاوە و منیش بێ ئاگا!
لەوپەڕی لەرزەوە ووتم نا هاوڕێ
چمانابێت، مارگرێتایەك بە نۆتەی ژیانەوە هاتبێت؟
گەرەکییە بێتە پاڵەوانێکی هەتایی و
لە لێواری چیرۆکەوە جێنەمێنێت
بەڵام ئەمجارە لە بێدەنگی نەترسێت
ئەمجارە پێنەکەنێت بە پرسیارەکانی معشوق
ئەمجارە ئەو هاتووە
بەسەر پلیکانەکانی نەریتدا
لەبەردەم عەشقی تووشی پیاوێکدا
گرێی بێ دەنگی کچێکی ڕۆژهەڵاتی ئەکاتەوە
ئەو هاتووەو
بێ باکە لە تەماشای مناڵانی گەڕەك
بێ باکە لە دانیشتن تا ئەوپەڕی ژیان
لە تانەی قەیرەی بەدیار هەستێکی مۆمیا کراوەوە
گرنگ تەکاندی ناخە لە بزمارەکانی عەزاب
گرنگ ئازاد کردنی حەقیقەتە
بە بەرچاوی تەتەڵەکانی ووتنەوە
ئەزانم دواتر دەنگی (استغفیرالله)
بە دیار موعجیزەکانی زەمەنەوە دەبیستم
ئەزانم وەك ڕووتی
هزرم بە تانوپۆ دەکەوێت
ئەزانم ئەوەی بانگەشەی ئازادی دەکات
ئیمپراتۆرە لە خەیاڵەکانی ژێر بالیفەوە
ئەزانم هەموو معشوقێك ئیمپراتۆرە
چوون هەر نیگایەکی
شۆڕشێکی کوشندەیە
هەر هێرشی گومانێکی

تووندکردنی قەیتانی پۆستاڵێتی.
هەر بەجێهێشتنێکی
تەنهاییە وەك هەڵەبجە و نقومبوونە بە میوەی بیرەوەری.
هەر ونبونێکی ئەنفالێکی نوێیە.
هەر پێگەشتنێکیش
سروودێکە وەك خوایە وەتەن ئاواکەی
دواتریش شەڕە وەك نیشتمان و ئێستا.
ئەزانم ئەڵێی ئاه مارگرێتا
چۆن بینینت هەتا ئەودیو هەتاو بردەکات
ئەم مینایەی عەشقی تۆ،
بۆ لە شعردا نەبێت ناتەقێت؟
گەر وەك هەتاو
هەموو هێزیشت پەخش نەکەیت
دەرەقەتی ئەم عەشقە شوشەییەم دێت
پرشنگێك لە ژوورەکەم تۆمار دەکەیت
ئەی تۆ تا ئێستا نهێنی ئەو پێشهاتە پێچەوانەیە دەزانیت
کە ئەو دەمەی لە چاوەڕوانی بە هاردا خەنیدەبیت
داس شانازی بە بریسکەیەوە دەکات لەبەر هەتاو
ئەو ساتەی پەنجەرەیەك دەخەیتە سەرپشت بۆ ئارامی
با، شانازی ڕەنگە نەبینراوەکەی لە تاقەکەی مندا دەکات
هیچ مەڵێ مارگرێتا هیچ
ئەزانم چەوی هەموو گلەییەکانت
لە مشتی ئەم شیعرەت دایە
ئەزانم تەسبیحی تەنهایت
چەندجار لە چاوەڕوانیمدا خەتم کردووە و
هەموو جارێکیش بە خشیووتە بە ڕۆحی ئەوین
بم بەخشە،
من لە پاڵەوانێکی ڕاکردوو
ئۆتێللۆیەکی گەمژە ئەچووم
کە لە کاراکتەری خۆم دۆڕام
شێتانە خۆمکرد بە نێو دەقی قەدەرەکانی تۆدا
گەرەکم بوو ئەمجارە دەسرێك لەدڵنیای ببەمەوە
ئاه مارگرێتا، ئەی کچی نۆتەکانی ئاو

ئەم گومانە نەفرەتییە خۆمی لێ داگیر کردووم
لە ڕۆحمەوە یەتەژوور و
شەرقییەتی تۆخ کردمەوە.
ئیدی من پێم دەبڕی و دەمگووت:
لە زەرد بوونی خۆما هاوڕێ،
بەنیازی فەتحی باخچە بووم لە هاتنت دا
ئەزانی وەك دارێكی بەوەفا
گەرەكم نەبوو دەستێكم ببەخشمە كۆتر و
سپێدەیەك لە فڕیندا بەخەبەر بێم
هەموو فەزام بۆ پڕكردیت لە دڵنیایی
سەراپا بۆنی مۆسیقام لێدەهات
چاوەڕوانی مایسترۆیت بووم
هەموو نۆتەكانی عەشقمی پیا بتەقێنمەوە.
بڕوانە زاكیرەی ئاوێنە
كێ نۆتەی ئاو بووە لەخانەی مێژوودا
بە ناونیشانی نەزمی ڕوونی
كێ ڕۆحی تەنك بوو چوون ناخی باران
كێ بەنێو گەلاَكاندا ڕۆدەچوو
بە دووی تیۆری شەونمدا دەگەڕا
بڕوانە زاكیرەی ئاوێنە
لە ئاوێنەدا زەمەن یەك پارچە ڕۆژە
لە نێویدا خۆر بە ئاراستەی تیشك دانەوە ئەڕژێتە ئێستاوە،
باران بەڕیتمی سەما دەمباتەوە بۆ ژیان
ژیان ئاماژە دەكات دەست بە پەلكە زێڕینەوە بگرم و
فێری لۆژیكی هەوابم
چرچ نەخەمە ژیانەوە
خەون بە ئینجانەیەكەوە نەبینم
توانای نەبێت خۆی بژاركا
باسی بێ مروەتی باخ و، ڕەنگ و گوڵی جارانی كا.
ئامارگرێتا،
حیكایەتی نازنازەكانت
لە لێواری ئینجانەكانەوە هەڵنەڕێژی
دەنا بۆنی پەژموردەیی ئامردن دەمبات

ئەوکات باخێك نامێنێ گلەیی تۆخم لێ نەکات
هیچ چیمەنێك برستی ڕوانینم نایاتێ
چاوم لە سەوزایدا ڕاخەم
پەپوولەیەك بێ پێناسی فڕین،
نایەڵێت دڵی هێرۆیەك بخوێنمەوە و
ئاشنابم بە فەنتازیایەکی مۆر
ئەوکات ئێوارەم ئەکوژرێت و نارژێمە رۆحی پەروانەیەکەوە
دڵنیابە،
سێبەری هەموو خەونەکانت لە چاودایە
زاکیرەیەکم هەیە پڕ لە مرواری
ڕەگەزم دەچێتەوە سەر باران
ڕەنگم لقێکە لە پەلکە زێڕینەی ڕوانین
دەنگم تەواوکەری هەورە و
ئەبارێمە نێو ڕۆحتەوە.